# (هونەرمەندی بێ ئیرادە و کوشتنی مانا)

وەلاًمێك بۆ نووسینێکی ( زاهیر سدیق ) کەلە ژمارە ( 42 ) ی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا و
لەژێر ناونیشانی( لەپەراوێزی مانگرتنەکەی هونەرمەندان ) بلاًو کراوەتەوە .

(تاهیر عەبدولواحید)
tahercen@yahoo.com

بەشێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی مرۆڤی هونەرمەند یان ڕۆشنبیر چاندنی گومانە بەرامبەر ئەو ئارامیەی کە مرۆڤە دڵنیاکان پێمانی دەبەخشن. بەتایبەت لەو شوێنانەی کە جێگەی گومان نین .ئەممەبەدەر لەوەی کەبەشێکی تر لە ئەرکەکانی بەرجەستە کردنی دۆخێکە کە بەردەوام مانای تازەی تێدا بدۆزرێتەوە.ئەرکێکی ئەخلاقی هەرهونەرمەندێکە لەئاست پێشێل کردنی حورمەتی ئینسانی و لەدەست دانی شتە جەوهەریەکان هەڵوێست وەربگرێت و تەنانەت گەر پێویستیش بو بچێتەسەر شەقامەکان و دەنگی ناڕەزایی بەرز بکاتەوە .چونکە ئێمەی مرۆڤ چارەنوسمان لەم پێگەیە و لەم جیهانەدا بەیەکەوە گرێدراوە.,ئێمەش دەمانەوێت بەرگری لەجیهانێك بکەین کە زەمینە بێت بۆ داهێنانەکانی هونەرمەند و دنیایەکی فراوان بێت بۆ جوانتر کردنی ماناکانی ژیان و مرۆڤ.,شەڕی ئێمە شەڕی دیموکراسی و مەدەنیانەیە کە مەبەست تیایدا لۆژیکی تاك ڕەهەندی و سیستمی کۆنکرێتی سەراپاگیری تیایداشکست بخوات. ئەوەش لەپێناو دنیایەکی باشتر و ئازادانە تر بۆمرۆڤ و هونەر و کەسایەتی هونەرمەند . , ئالێرەدا ترسناکی هونەرمەندی بێ ئیرادەو بەرژەوەند پەرست و بکوژی مانای جیاواز دەردەکەوێت .بەڕای من گوناهێکی گەورەش دەکەین مانای(هونەرمەند) بەکەسایەتی ترسنۆك و بێ ئیرادە ببەخشین .ترسنۆك و بێ ئیرادە بەو واتایەی کە زاتی ئەوەی نەبێت دەست بۆ ناوچە و سنوورە تابۆکان بەرێت و توانای گەڕانی بەردەوام بەخۆی نەبەخشێت . ئاخر تۆ کاتێ مرۆڤێکی هێند دەستەمۆ و نۆستۆلۆژی بیت و لەترسی ڕابردویەکی لەدەستچوو توانای هەنگاو نانت نەبێت ڕووەو گۆڕان و دواجاریش بەوانی تریشی ڕەوا نەبینیت .ئیتر حیکمەتی هونەرمەندبوونی تۆ لەچیدایە ؟؟. مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەم هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کردوە ئەو نوسینەی پەیکەر ساز ( زاهیرسدیق )ە کە خودی نوسینەکەی و مەبەستەکەش تیایدا بەشێکە لەو هەڵمەتی تۆمەتبارکردن و بێحورمەتی پێکردنەی کەڕوبەڕوی شەپۆلی (هونەرمەندانی ناڕازی ) دەکرێتەوە.تەنانەت ئەو نووسینە نەیتوانیوە نووسینەکانی نەقیبی ئێستای بەناو (ڕێکخراوی هونەرمەندان ) ( فەرەیدون دارتاش ) تێبپەڕێنێ بەڵکو دووبارە کردنەوەیانە . دەناناسێتی نووسینێك هێند دانابەزێ کەتیایدا تێکستێکی (مەحوی ) نەزانانە بەهەدەر بدەیت و بەشێك لەهونەرمەندانی جدی و ئەزمونە هونەریەکانی ئەو سەردەمەیان کەتیایدادەژین بە ( قەشمەری ) ناوزەد بکەیت .,هەرچەند ئەوەی کەلەئاراداییە نە ( مانگرتن ) ە وەك لەسەردێڕی نووسینەکەتدا هاتووە. بەڵکو بزاوتێکی مەدەنیانەی هونەرمەندانە و مەبەستیش تیایدا کارکردنە بۆ گۆڕینی سیستمێکی تەقلیدی و

گەندەڵ و وابەستە لە هەردوو ڕێکخراوی (یەکێتی هونەرمەندان ) و ( سەندیکای هونەرمەندان )کە بە پرۆسەیەکی ناشەرعی تێکەڵاو بوون .ئەو ئامانجەش کەکاری بۆ دەکەین لە ناڕەزایینامەی یەکەمی ( هونەرمەندانی ناڕازی ) لە ڕێکەوتی ( 24 / 9 / 2006 ) دا هاتووە . هەروەها نە پرۆژەیەکی هونەریشە کە بەڕێزتان بەو شێوە ناشرینە وەسفی بدەن و بیکەنە ( قەشمەری )لەم زەمەن و بوار و کایە یەدا ..تکایە جارێکی تر گەر ویستت تێکستی هەر گەورە پیاوێکی وەك ( مەحوی ) بەکاربەریت پێشتر بزانە ئەو تێکستە بۆ چ مەبەستێك بەکاردێت .. کەواتە نووسینەکەت هەر لە سەرەتاوە تەمومژاویە و ئامانجێکی خراپی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە . , هیچ پاساوێك نیە بۆ دواخستنی ئازادی و ئیرادەی ئینسان . ئەوە بەتەنها وەهمێکی سیاسی قێزەونە کەداواکارە ڕەخنەکانمان بپێچینەوە بۆ ڕۆژگارو سەردەمێکی تر لە داهاتوودا .ئەم ڕۆژگارەی ئێستامان بەرپرسیارێتیەکی گەورەی تێدایە سەبارەت بە لەت وپەتکردنی ئەو داهاتووە نادیارە .هەنگاوی مەدەنییانە ئیرادەوڕوبەڕوبونەوەیە . ناکرێت بەبەرچاوتەوە بنەما سەرەکیەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی هەتك بکرێن و تۆش لەبەر موجامەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێدەنگی هەڵبژێریت . ئاخر ئەم هەنگاوە مەدەنیانەیە سەرباری ئەوەی کەزۆرێك پێیان وایە بێئاکامە بەهۆی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم پێگەیەی ئێمە تیایدادەژین گەر ئەمرۆش نەنرێ سبەی هەرئەبێ هەڵگیرێ.,هەرچەندخودی هەنگاوەکە بۆخۆی ئاکامە نەك چاوەڕێی ئاکامی لێبکرێ. چونکە زەرورەیەکی هەنوکەیی و تەواوکەری هەنگاویدوایخۆیەتی لەم مێژووەدا ڕوەو وەرچەرخانیگەورەتر,, .( دۆبریە ) دەڵێت (ڕۆشنبیر دەبێت لەژوورەکەی خۆیدادابنیشێت و کاربکات.تەنهالەوکاتانەدابێتەدەرەوەکەشارخەریکەئاگری تێبەردەبێت.کاتێك شتە هەرەجەوهەریەکان دەکەونەژێرپرسیارەوە)). بێ گومان من لێرەدابەویژدانێکی ئاسودەوەدەتوانم هەمان ئەرك لەکەسایەتی هونەرمەندیشدا ببینمەوە.ئەی کەواتەتۆکەی لەقۆزاخەکەی خۆت دێیتەدەرەوە؟ هاتنەدەرەوەی تۆبۆسوتاندنی شارە نەك بۆبەرگرتن لەوسوتانە.ئەوەندەی ترشتەجەوهەریەکان دەخەیتەوە بەردەم ترسی گەورە.ترس لەسەر ئازادی و ئیرادە.تۆبەونووسینەت هێندەی تر سیستمی تاك ڕەهەندی حەقیقەت پتەوتردەکەیت.کەسانی وەك تۆ ڕۆحیەتی ڕەخنە دەکوژن .بەربەستێکیگەورە لەنێوان هونەرمەندی حەقیقیو کۆمەڵگەدا دروست دەکەن.تۆهەست بەخۆت بکەیت یان نا ڕێگریت لەبەردەم نوێبونەوەوئیرادەی نوێکردنەوە.تۆبەم شێوەیەت ترسناکیت نەك هونەرمەند. هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەوکەسانەن کەبە دنیابینی جیاوازوپاشخانێکی میتۆدیو فیکریەوە تواناکانی عەقڵیان وەك هەوڵدانی جدی لەپێناوگومان وپرسیارو ڕەخنەکردن .پاشانیش هەڵتەکاندنی بنەما باو و تەقلیدیەکان و دژە دیموکراسی و مەدەنیەکان بەکاردەبەن.,کەسانی وەك بەڕێزت بەشێکن لەو قەیرانە گەورەیەی کەبەشێکی زۆرلە کۆمەڵگەی کوردی پێوەی دەناڵێنی کە ئامادەنین بینینی خۆیان بۆ واقیع و ئەوەی تیایدا ڕودەدات بگۆڕن .هەرگیز ئامادەش نین تێیبگەن و کاربۆ گۆڕینی بکەن کەستراکتورێکی عەقڵی بەرهەمی هێناوەودواتریش ئەو ستەمەی کەهەیە بەرهەم دەهێنێت,,کەس ناتوانێت نکوڵی لەوکارەساتە گەورەیە

بكات كەڕوبەڕوی واقیعی ئێستای دامەزراو و ڕێكخراوە بەناو مەدەنیەكانی كوردستان بۆتەوە لە ئامادەیی و تارمایی دەسەڵات و چنگاڵی حیزب لەناویاندا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەكانیاندا.حیزبیش لەكوردستاندا ڕەنگدانەوەی نەزعەیەكی باوكانەیە كەهەردەم خۆی بە فریادرەس و بەدەستهێنی سەرجەم دەستكەوت و سەروەریەكان دەبینێتەوەو ئەوهەستەدەدات كەبەبێ ئەو هیچ بەهایەك بۆتاك لەنێو كۆمەڵگەدا نامێنێتەوە.بەمەرجێ یەكێك لەبنەما سەرەكیەكانیپێكهاتەی كۆمەڵگەی مەدەنی ئامادەیی خودی ( تاك )ێكی ئازادوئەكتیڤە لەچنراوی كۆمەڵگەداو بێ ئەو مافی مەدەنی هیچ بونێكی نیە .ئێمە وەك (هونەرمەندانی ناڕازی) لەسەرەتای هەنگاوەكانمانەوە وەك ئامادەكردنی داتایەك پەنامان بۆ ئیمزاو هاوپشتی هونەرمەندان و هونەردۆستان و سەرجەم چین و توێژەكانی كۆمەڵگە برد .ئەم هەنگاوەی ئێمە هەندێ كەس و لایەنی بێزارو دردۆنگ كرد. كەلە ناویاندا ئەم بەڕێزەی خاوەن نووسینەكەش سەركۆنەی ئیمزاكانی جەماوەری غەیرە هونەرمەند دەكات .,پێش هەمووشتێك ئەوە هەنگاوێكی دروستی هونەرمەندانی ناڕازیە كە جەماوەر بەشدار دەكات لە هاوپشتی كردنی هەوڵێكی مەدەنیانەی لەوجۆرە .,ئێمە زۆرینەی دامودەزگاوڕێكخراوەكانمان ئالودەی نائامادەیی عەقڵ و پەككەوتەیی و پاشكۆیەتین و سەربەخۆ نین .كاركردنیان بە سیستمی دژە دیموكراسی و بێ هەڵوێستی و بێدەنگ كردنی ئەندامەكانیان سیمایەكی دیارو ئاشكرایانە .كەواتە هەرئیمزایەك وهاوپشتیەك لەهەركەسێكەوەبێت لەم كۆمەڵگەیەدا ئیرادەیەكی زیندوت بۆزیاددەكات لە پێناو خۆ ئامادەكردن بۆ گۆڕانی گەورەتر ڕوەو واقیعێكی كۆمەڵایەتی كە مرۆڤ تیایدا خاوەنی حورمەتی خۆی بێت لە هەمووچین و توێژەكاندا. , دردۆنگی (زاهیرسدیق ) دەگاتە ئاستێك لەنووسینەكەیدا پرۆسەی كۆكردنەوەی ئیمزاكان بە ئیمزاكانی سەردەمی بەعس بەراورد بكات و بەزۆرو بۆر و مومارەسەكردنەوەی گەندەڵی ناوزەدی بكات ..ئاخر هاوڕێی بەڕێز , گوناهێكی گەورە دەرهەق بەخۆت و ئەوسەردەمەی كەتیایدا دەژیت دەكەیت . دەناچۆن جیاوازی لەنێوان ئیمزاكاندا ناكەیت ؟؟ هەرهیچ نەبێت ئەوكات بە زۆرەملێمرۆڤیان ملكەچ دەكردتائیمزا بۆبەعسی بوون بكات.بەڵام ئەوئیمزایانەی بۆ ( هونەرمەندانی ناڕازی ) كراون ویستی خاوەنەكانیانەو هاوپشتیەكی دڵسۆزانەیە لەهەوڵێكی مەدەنیخوازانە.ئیمزاكانی ئەوكات زۆرجاردەبونە هۆكاری لەخشتەبردنی مرۆڤ و كارەساتی گەورەی بەدوای خۆیدا دەهێنا.ویست و ئیرادەی مرۆڤ ئامانجی سەرەكی بون و مرۆڤ خۆی قوربانی یەكەم بوو.بەڵام ئێمە دەمانەوێت بەكاریگەری ئەو ئیمزایانە كار بۆ ئەوە بكەین كەسەردەمێكی تاریكی هاوشێوەی سەردەمی بەعس و ئیمزاكردنەكانی ئەوكات زیندو نەبێتەوەو ئیرادەی سەلب كراوی مرۆڤ بگەڕێنێتەوە.ئیترئەو مرۆڤەی ئیمزادەكات كێشەنیە گەر هونەرمەندبێت یان لەهەر توێژێكی تربێت لەپێك هاتەی كۆمەڵگەدا..ئەوهاوپشتیت دەكات و خزمەتێك بەكێشەی هونەرمەندان دەكات.زۆرینەمان هاوڕاین لەسەر ئەوەی كەگەندەڵی و دارمان و بێبەهاكردنی مرۆڤ دیاردەیەكی بەربڵاوە لەم پێگەیەی ئێمەدا بۆیە پێویستە لەهەربزاوت و شەپۆلێكی هاوشێوەی ( هونەرمەندانی ناڕازی ) سەرجەم چین وتوێژەكان هاوپشتی بكەن و كاربۆ سەرخستنی بكەن. تاهەموو كایە كۆمەڵایەتیەكان لەدۆخی ئاسایی و

تەندروستی خۆیاندا ڕێبکەن .ئاکام ئەوەش بەشێکە لە هەوڵەکانی قۆناغی گۆڕان ..سبەی گەر لەرێکخراوێك یان سەندیکایەکی کرێکاران یان ئەندازیاران یان نووسەران یان قوتابیو خویندکاریەکان و .....هتد , دەنگی ناڕەزایی مەدەنیانە تیایاندا بەرز بۆوە لەپێناو ئامانجە هاوشێوەکانی ( هونەرمەندانی ناڕازی ) . ئەوا من یەکەم کەس دەبم ئیمزایان بۆ دەکەم و هاوپشتیان دەکەم .ئەوەتۆی هونەرمەندی ڕازیت کەئیرادەی ( نا ) یەکت نیە .ئیتر گەر لەبەر موجامەلەیەکی حیزبیە یان کۆمەلأیەتی یان بارستایی ئیمتیازاتەکانت بێت .یان نائامادەیی هۆشیاریت سەبارەت بە بنەماکانی کۆمەلگەی مەدەنی...یەکێك لە سیفەتە ناشرینەکانی بەشێك لەتاکەکانی کۆمەلگەی کوردەواری کەلەمنداڵیەوە و لەسیستمی خێزان و کۆمەلگەو قوتابخانەکاندا فێرمانی دەکەن نەزعەی بەدگومانی و چاودێری کردن و پاشانیش بەسزاگەیاندنی بەرامبەرە .کەئەمەش بۆخۆی مومارەسەکردنی جۆرێکە لە توندوتیژی و سادیەت . ئەم حەزە تائێستاش لە هەناوی ئەم هونەرمەندە بەڕێزەدا شوێنەواری ماوەتەوەو بەئاشکراش لەنێونووسینەکەیدا هەستی پێدەکرێت . ئەمەش وای کردووە ئەوەندەی ئەم نووسینە لەڕاپۆرتێکی ناشرین دەچێت و وەك بڵێی ئاڕاستەی شوێنێکی تایبەتی بکات . هێندە خوێندنەوەیەکی واقیعییانەی بزاوتی ( هونەرمەندانی ناڕازی ) نیە. ,لەنوسینەکەیدا هاتووە : (ئێستا لێرەولەوێ چەند دەنگێکی ناڕەزایی بەرامبەر ئەم ڕێکخراوە بەرز بونەتەوە,بەتایبەت دوای کۆنگرەی یەکبوونی هونەرمەندان . ئەمەش بۆخۆی جێگەی پرسیارە ) . ئەم بەڕێزە دەیەوێت پرسیارێك بوروژێنێت کەپێشتر دەسەلأتدارانی ( یەکێتی هونەرمەندان ) ورووژاندبویان کە بەردەوام وەك لۆژیکی تاوانبارکردن دەیانوت( هونەرمەندانی ناڕازی) نایانەوێت ئەم دووڕێکخراوە یەکبگرنەوەو دژی یەکخستنەوەی ماڵی کوردن . ئێمەلە یاداشت و ڕوونکردنەوەکانماندائەوەمان بە وردی ڕونکردۆتەوە . کەهەرگیز دژی یەکگرتنەوەنەبوین . بەلأم پرۆسەی یەکگرتنەوەکەو خودی هەردووڕێکخراوەکە لەو زەمەنەدا ناشەرعی بوون. رێکخراوەتازەکەش بەهەمان شێوە ناشەرعیە چونکە هەڵوەشاندنەوەی ( یەکێتی هونەرمەندان ) و ( سەندیکای هونەرمەندان ) بەبڕیاری ( دوولەسەر سێ ) ی ئەندامەکانی نەبووە وبەپرۆسەیەکی نامەدەنیانەونادیموکراسیانەوبەتەوافوقی نێوانیان بووە بۆیە جێگەی ڕەخنەو(گعن ) کردن بووە لای ئێمە .,. ئەم بەڕێزە لە شوێنێکی تری نووسینەکەیدا دەڵێت ( بەلامەوە سەیرە . ڕێژەی ئیمزاکان بەچەشنێك باس دەکەن و شانازی پێوە دەکەن و ژمارەی کەسانی غەیرە هونەرمەند لەزۆربوندایە لەو لیستەدا. نازانم ئەو هاوڕێیانە دەنگی ناڕەزایی هونەرمەندانیان دەوێ یان ناڕەزایی جەماوەر؟) من پێشتربەوردی قسەم لەسەر ناوەرۆکی ئەم پرسیارەی ئەم بەڕێزە کرد . بەلأم ئەوەی ئێستاگرنگە بەلامەوە ئەوەیە کەمەبەست لەم پرسیارە ئالۆزە چیە؟؟ تۆ وەك هونەرمەندێك بۆلە دەنگی ناڕەزایی جەماوەر سلْ دەکەیتەوەو بێزارت دەکات ؟؟ منیش بە پێویستی دەزانم پرسیارێك ئاڕاستەی بەڕێزتان بکەمەوە , کێن ئەوانەی بەبەردەوامی لەترس ودڵەڕاوکێی بەرزبونەوەی دەنگی ناڕەزایی جەماوەردان؟؟ هیوادارم تۆ یەکێك نەبیت لەوان .چونکە تۆ هونەرمەندیت . هەرکاتێکیش بەووتەکانت یان بەهەڵوێستەکانت بویتە یەکێك

لەوجۆرە کەسانە ئەوا منیش پێت دەڵێم : تۆ کەسێکیبێدەنگی. پاسەوانی ئەو سیستمە کۆن و تەقلیدیانەی کە ڕۆژی مەرگیان هاتووە.

⋆ بڕوانە یاداشتی (زۆردرەنگە بۆ ناڕەزایی) ـ هونەرمەندانی نارازی ـ لەڕۆژی (24 ـ9 ـ 2006 )

.